# واقعیەتی "ڕیكەوتنێكی مێژوویی" ترا!

## لە پەراوێزی دوا ڕیكەوتنی نێوان یەكێتی وپارتی دا

سامان كەریم
zaryak@yahoo.com

كەشەڕی نیوخۆ دەستی پێكرد لە ئایاری ١٩٩٤دا ئێمە وتمان، شەڕ، شەڕە لەسەر دەسەلات و پاوانكردنی ناوچەكانی یەكتری، وتمان ئەوەش بەرئەنجامی بێ ئاسویی سیاسی بزوتنەوەی كوردایەتییە، ئەوكات وتاماوەی چەند ساڵێك باس ولێكدانەوەی جیاواز هەبوو لەسەر هۆی ئەصلی شەڕەكە لەلایەن خۆیان و هەروەها ڕوشنبیران و لایەنسیاسیەكانی ترەوە، هەبوو بە " كێشەی قازەكانی كەلار" و هەندێكی تر بە " دوكانەكانی حەسۆ میرخان" لە ناوچەی پشدەرو هەندێكی تریش بە پارەی " ئیبراهیم خەلیل" لێكی دەدایەوە. بەلام دواتر خوشیان، واتە یەكێتی وپارتی لەسە زمانی گەورە لیپرسراونی خۆیانەوە، وتیان شەڕەكەمان شەڕە بو دەسەلات. بەهەرحال راستی لێك دانەوەكانی ئێمە ئەمجارە لە زمانی خۆیانەوە وتراو ونوسراو بلاوبووەوە.

ئێستا پاش ٨ ساڵ و چەند مانگێك دیسان لە ڕۆژانی ٧و ٨ی ئەم مانگەدا، " ڕێكەوتنیكی تری میژویی" یان ئیمزاكردەوە لە صلاح الدین، با بزانین هۆی واقعیەتی ڕیكەوتنی ئەمجارەیان چیبوە؟!

ئەوكات كە شەڕ دەستی پێكرد ئێمە وتمان، هۆی ئەصلی بێ ئاسویی سیاسی بزوتنەوەی كوردایەتییە، واتە ئەو ئاسویەی هەیان بوو، بۆ ڕوخانی " صدام حسین" لە چوارچێوەی سیاسەت و ئیستراتیژی ئەمەریكیدا نەماو چوو بەهەوادا. بەلام ئیستا هەمان ئاسۆی سیاسی لە هەلومەرجێكی سیاسی و جیهانی دژوارتردا، بۆ ئەوان زیندوبۆتەوە، هەلومەرجێك كە ئەمەریكا هاواری لێ هەستاوەو كردویەتی بەهەرا و دەلێت " صدام حسین" لا دەبەم، بۆ ئەمەش خەریكی كۆكردنەوەی هێزە لە هەموو لایەكەوە، لە لایەكەوە خەریكی ڕێكخستنی هێزەكانی ئوپۆزیسیونی بورژوازی عێراقییە، بە شێوەی جوراوجۆر لە " گروپی ٦" وە كە یەكێیوپارتی دوهێزی ئەو گروپەن، بگرە تاكو مەجلیسی عەسكەری سونی وشیعییەكان، تاكو كۆبونەوەو هەولدان بو ڕێكخستنی هێزەكانی ئەم ئوپۆزیسیونە. لەلایەی تریشەوە خەریكی هیز كۆكردنەوەی سەربازی و ئیمكاناتی لوجیستییە بو هێرشەكەی بۆسەر عێراق و لەهەمانكاتیشدا لە هەوڵی پێكهێنانی بەرەیەكی گەورە دایە لە ئاستی جیهانیدا (باسی من لێرەدا ئەوەنییە كە ئەمەریكا چەندە سەركەوتوو دەبێت یان نا لەم هەولانەیدا).

لەم ڕوانگەیەوە، واتە لە هەمان ئەو ئاسۆ سیاسییەی كە دوینێ ئیفلج وشكستی خواردبوو، ئەمڕۆ پاش ئەوەی كە هەمان هیواو ئاسۆ تیمار كراون لە خەستەخانەكانی واشنتن و نیویورك، یەكێتی وپارتی ڕێك دەكەونەوە، و خاڵەكانی ڕێكەوتنی واشنتن جێ بەجێ دەكەن، كە ٤ ساڵی تەواو و پاش زیاتر لە ٧٥ كۆبونەوەی لیژنەی ئاشتی نێوانیان لەو ناوە كەوتبوو، ئەمڕۆ بە ئەمری تەعالا، بەیەك ڕۆژ تەواو دەبن. كەواتە واقعیەتی ڕێكەوتنی ئەمڕۆیان ئەوەیە، كە دەیانەوێ لە چوارچێوەی سیاسەت وئیستراتیژیەتی ئەمەریكیدا، جێگاو ڕێگای بزوتنەوەی كوردایەتی و هەروەها جێگاو ڕێگای خۆیان وەك دوو هیزی ئەم بزوتنەوەیە، لە ئایندەی دەسەلاتداریتی عێراقدا دیاریبكەن و بەقەولی خۆیان عێراقێكی فیدراڵی مسوگەر بكەن.

ئەمە واقعیەتی ڕێكەوتنی ئەمجارەیە، نەك ماندوبونەكانی لیژنەی ئاشتی و " لە هەولێكی تری بە ئاكام گەیشتنی پرۆسەی ئاشتی.. . " وەك خۆیان باسی دەكەن. ئەمە هەموو هەوڵەكەبوو، ئەمەریكا و هەلومەرجی سیاسی ئیستا و هەولەكانی ئەمەریكا بو لا بردنی " صدام حسین" هەموو هەوڵەكانە. بەلام ئەمجارەیان، وەك ساڵی ١٩٩٤ و پیشتریش نییە، ئەمەریكا بەڕۆشنی دەیەوێت بزانێت كێ لە گەلیەتی و بەعەمەلی دوای دەكەوێت، جا لەوانەیە زەرەریش بكات، ئەمەریكا بەمەرجی قازانج لەگەڵ هیچ لایەنێكدا نایكات. هەربۆیە لە كۆبۆنەوەی ڕۆژنامەگەری هەردوو سەروكی پارتی و سكرتیری یەكێتیدا، وهەروەها جۆری پرسیارەكانیش كە دەكرێت لێیان، بە ڕۆشنی ئەوەی پێوە دیارە، كە دنیا چ باسە وچۆن " كوردەكان" لە پێناو گەیشتن بە بە شێك لە دەسەلاتی سیاسی لەعێراقدا ئامادەن بۆ هەر كارو خزمەتێك، گرینگ



www.kurdistannet.org

بۆ ئەوان " ئامانجە، بەهەر میكانیزم و ڕێگایەك بێت"، بەلام لەمێژوودا و لە تجروبەی چەند ساڵەی كوردستانی عیراق و هەموو مێژوویی بزوتنەوەی كوردایەتیش لە ناوچەكەدا، هەر ئەوە كاریان بوە، هەمیشەش شكستیان خواردوە.
ئەگەر ئەمە واقعیەتی ئەصلی یان ریشەیی ڕێكەوتنی ئەمجارەشیانە، پێویست بە شایی ولوغان ناكات، هەموو ڕێكەوتنی ئەوان، تەنها ئەوەیە جارێ وە تەنها جارێ كە ڕوٚشن نیيە بۆ چەند ماوەی تر، لەنێوان یەكتری دا شەڕ ناكەن. شەڕنەبون لەنێوان یەكێتی وپارتیدا بۆ خەڵكی كوردستان باشە، بەلام موسیبەت ئەوەیە كە هەموو خواست وداواكاری خەڵكی كوردستان لم خالەدا كۆبكەیتەوە، شەڕی ئەوان پەیوەندی نەبوە بە خواست و ویستی خوڵكی كوردستانەوە و هەموو كەس و خۆشیان ئەوە دەزانن، كەواتە وەستانی شەڕیش تەنها موسیبەتێك وەیەك موسیبەت لەسەر شانی خەڵك هەلدەگرێت، ئەویش ئەوەیە كە ڕوٚلەكانیان نابنە خەلوز، كە بڕێك ئارام تر دەژین، واتە وەستانی شەڕ لیكردنەوەی یەك كوٚڵە لە باری گرانی خەڵكی كوردستان نەك دان و وەرگرتنی هیچ ویست و خواستێكیان، بەم مانایە پێویست بەشایی ولوغان ناكات، ئەمە بەجیا لەوەی كە ڕێكەوتنی ئەوان نابێتە هوٚی باش بونی ژیان و گوزەرانی خەڵكی كوردستان نابیتە هوٚی فراوانبونەوەی دامینی ئازادیيەسیاسیيەكان، نابیتە هوٚی دابین كردنی هیچ خواستێكی خەڵك، بەتایبەت ئەوان لەسەر پرۆژەی سیاسی خۆیان بو چارەنوس و ئایندەی خەلكی كوردستا براونەتەوەو بڕیاری فیدرالی بونی خەڵكی كوردستانیان داوە بە دەوڵەت و حكومەتی عیراقەوە.
بەلام یەك مەسەلەكە مسۆگەرە (بەفەرزی ئەوەی صدام حسین لابریت، كە تا ئیستا حەتمی نیيە و ئیحتمالێكە) ، ئەویش ئەوەیە پاش لابردنی ئەم " دیكتاتورە" ئەمەریكا ئامادەنیيە ڕاستەخۆ بە شێوەیەكی فەوری دەسەلات بداتە دەست ئەم ئۆپۆزیسیونەی بورژوازی عێراق، كە هەریەكە لە ئاوازێك دەخوێنێت، بەڵكو بەبڕوای من مەسیرێك كە دەگوزەرێت و دەچێتە پیش، ئەوەیە كە حكومەتێكی عەسكەری كاتی، لە جەنەراڵەكانی ئیستای حكومەتی عێراق یان ئەوانەی ڕایان كردوە، پیك دەهێنێت، تا دوو سێ ساڵ بەم شێوەیە دەیباتە سەر، ولەم نێوەشدا، ئەم حكومەتە حكومەتی تەواوی بورژوازی عێراقی دەبێت، وئامادەنابیت، نە فیدرالیەتەكەی یەكیتی وپارتی بدات، وەنە هیچ ئیمتیازیك بدات بە هیچ لایەنێك، ئەم حكومەتە حكومەتی سەركوت و سەركوتە، بەتایبەت دژی هیزی پیشكەوتوخوازو كرێكاری و خواست و داوا بەرحەقەكانی زۆرینەی دانیشتوانی عێراق. مێژووی بزوتنەوەی كوردایەتیش جگە لە خۆشخەیالیێ، تەسلیم بون بەئەمری واقیع هیچی تری تیادنیيە. دواتریش خەڵكی كوردستان باجی سیاسەتەكانیان دەبێت بدات. ڕێگای واقعی بۆ خەڵكی كوردستان لە مروٚدا، كە هەموو بزوتنەوەكان ئالای ڕوٚشنی خۆیان هەڵداوە، ئەوەیە بە دەوری خواستی جیابونەوەی كوردستاندا خۆیان ڕێكخراوبكەن، بەدەوری خواست و داواكاریيە فەورییەكانیاندا لە ئازادیيە سیاسی بێ قەیدو شەرت و جیایی لە دەوڵەت و . . . . بەدەوری حزبی خۆیاندا، حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراقدا كۆببنەوە، ئەمە هەنگاوێكی گەورە دەبێت لە پێناو گەیشتن بە تەواوی ئامانجەكانیان لە یەكسانی و ئازادی تەواو و ریفاهی كۆمەلایەتی، هەموو گەرەك و كارگەیەك لە كوبونەوە گشتییەكانی خۆیاندا دەتوانن وە پێویستە ببێتە جێگای باس و خواستی جەماوەری كوردستان بو دیاریكردنی ئایندەیەكی باشتر.

٩/٩